# بەیاننامەی وەزارەتی مافی مرۆڤ
# بەبۆنەی کارەساتەکەی
# شەنگال

جارێکی دیکەش ئەو دەستە تاوانبارانەی کە دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتین بەبەردەوامی پێشێلکاری دەنوێنن،لەنوێترین کاری تیرۆرستی خۆیان لە ٢٠٠٧/٨/١٤ بەدەیان ژن و منداڵ و گەنج و پیری بێتاوانی (شەنگال)یان تیرۆر کردو بەدەیانی دیکەشیان بریندار کرد و ژمارەیەکی زۆر خانوو و ماڵ و حاڵی هاولاتیانیان وێرانکردکە ئەمانە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ویژدان و عەقڵیەتی مرۆڤایەتی ناگونجێ و تاوانێکی گەورەی سەردەمە کە هیچ پاساوێك نایگرێتەوە٠٠٠

ئەو تاوانەی کە ئەمڕۆ لەم شارۆچکەیەدا بەهۆیەوە بەدەیان خێزان لەبەر بێ جێگایی و کاولبونی خانوو و ماڵەکانیان کەوتونەتە سەرشەقام و لەهیچ شوێنێك داڵدە نادرێن٠٠

بۆیە وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بەتوندی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە و ئەو تاوانە نامرۆڤایەتیە مەحکوم دەکات و ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ و لەهەمان کاتیشدا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەت مەرکەزی بەغدا دەکات کاری یاسایی دەرهەق بە تاوانکاران بکەن و لەهەمان کاتیشدا هەڵمەتی فریاکەوتنی مرۆیی بگرێتە بەر بۆ بەزوویی چاککردنی تەندروستی بریندارانو و باروگوزەرانی لێقەوماوانی دەڤەرەکە، هەروەها داوا لە ڕێکخراوە فریا گوزارییەکان و ڕێکخراوی (un) و ڕێکخراوە جیهانیەکان دەکات هەمان هەڵوێست بنوێنن تا ئەم خەڵکە بێتاوانە لەم ژیانە سەختە بپارێزن٠

دووپاتی ئەوەش دەکەینەوە کە وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمیانی ئەم بەیاننامە ناڕەزاییەی خۆیدا رایدەگەیێنێ کە ئەم تاوانە لەلایەن هەرچی کەس و لایەن و دەوڵەتێکەوە بکرێ و پشتگیری لێبکرێ ئەمە سەرپێچی و پێشێلکردنێکی ڕوونی مافەکانی مرۆڤەو قەت لەگەڵ ویژدان و کردەوەی مرۆڤایەتی سەردەم ناگونجێ و ئەمانە بێبەرین لەهەموو موقەدەساتێکی ئاینی و مرۆیی٠٠٠

جارێکی تر پرسەی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەیێنینە خانەوادەی ئەوانەی بەبێتاوانی بوونە قوربانی دەستی تیرۆر و هیواش دەخوازێ کە هەرچی زووە بریندارەکان چاکبنەوەو بەکەسوکارییان شاد ببنەوە٠

**وەزارەتی مافی مرۆڤی**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**